# توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ

(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)

**چراخان نصرالدين صالح[1] - کامەران محمد توفیق[2] - ارام حسن محمد[3]**

[1]بەشی نەوت و گاز، کۆلێژی کارگێڕی، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2+3]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

خوێندن بە یەکێک لە کەرتە گرنگەکان دادەنرێت لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا کە ڕۆڵی گرنگی لە پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی کۆمەڵگادا هەیە، بەڕەچاوکردنی پێوەرەکانی خوێندن و شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە هەر ناوچەیەکدا.

شاری چەمچەماڵ هاوشێوەی شارەکانی تری جیهان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بێبەش نەبوە لەم خزمەتگوزارییە ئەگەرچی خزمەتگوزارییەکە بەراورد بە فراوانبونی شارەکەو زیادبونی ژمارەی دانیشتوان وەک پێویست نیە، بەگشتی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ چەند قۆناغێکی جیاواز دابەشکراوە، کە بە قۆناغی دایەنگا دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە قۆناغی زانکۆ، لەم توێژینەوەدا باس لە قۆناغەکانی (باخچەی ساوایان، قۆناغی بنەڕەتی بە هەردو بازنەی یەکەم و دوەم، کە پۆلەکانی ١-٩ لەخۆدەگرێت و قۆناغی ئامادەیی) کراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەدەرخستنی خزمەتگوزاری فێرکاری و نیشاندانی کەموکوڕی ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری چەمچەماڵ، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) بە مەبەستی نیشاندانی دابەشبونی هەریەک لە قۆناغەکانی خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە داتا و زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ و سەردانیکردنی مەیدانی بۆ هەریەک لە باخچە و قوتابخانەکان بۆ ساڵی خویندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری وردتر لەسەر قوتابخانەکان تاوەکو توێژینەوەکە دەوڵەمەندتر و پوختربێت.

**کلیلە وشەکان:** توانستی خزمەتگوزاری، خزمەتگوزاری فێرکاری، چەمچەماڵ، ئایندەی خزمەتگوزاری.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15**

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15
**Received:** 07-Jun-2022
**Accepted:** 10-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
chrakhan.salih@charmouniversity.org
kamaran.mohammed@garmian.edu.krd
aram.hassan@garmian.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە پێویستیەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێوەرێکە بۆ زانینی پێشکەوتن یان دواکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، جوگرافیای خزمەتگوزاری وەک لقێک لە لقەکانی جوگرافیایی مرۆیی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ئاستی هەرێم یان پارێزگا یان قەزاو ناحیە تەنانەت لێکۆڵینەوە لەو گەڕەکانەش دەکات کە خزمەتگوزارییان تێدایە، خوێندنی پەروەردەیی هەریەک لە (باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و خوێندنی ئیسلامی و پەیمانگا) دەگرێتەوە، لەم لێکۆڵینەوەدا باس لە هەریەک لە باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی[i]و خوێندنی ئامادەیی دەکرێت بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی باش و خراپی ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری چەمچەماڵ، دیارە کە شاری چەمچەماڵ وەک هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە بێبەش نیە لەم خزمەتگوزارییە جا بەشێوەیەکی باش بێت یان خراپ.

## گرنگی توێژینەوە:

دەرخستنی بایەخی پەروەردەیە لە شاری چەمچەماڵ و دیاریکردنی ڕێژەیی خوێندکار و قوتابخانەکان بە هەمو قۆناغە جیاوازەکانی لە کۆی خوێندکار و قوتابخانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١-زانینی دۆخی (واقع الحال) دابەشبونی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ و پێداویستی دانیشتوانی ناو شار بەم خزمەتگوزاریە.

٢-دیاریکردنی ئەو گرفتانەی ڕوبەڕوی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبنەوە بەهۆی نایەکسانی لە دابەشبونی دامەزاوەکانی خزمەتگوزاریەکە و ڕەگەزەکانییەوە.

### كێشەی توێژینەوە:

بریتییە لە ناڕێكی دابەشبونی خزمەتگوزاری فێركاری لە شاری چەمچەماڵ، بەجۆریک بەشێكی زۆر لە گەڕەكەكانی شاری چەمچەماڵ بێبەشبونە لە دامەزراوەكانی ئەم خزمەتگوزارییە و لەبەرامبەردا كۆبونەوەی بەشێكی زۆری دامەزراوەكانی لەچەند گەڕەكێكی دیاریكراوی شارەكەدا، كە ئەمەش كاریگەری لەسەر كۆبونەوەی ژمارەی مامۆستای پسپۆر و خوێندكار هەیە لە چەند قوتابخانەیەكی دیاریكراوی ناوچەكەدا.

### گریمانەی توێژینەوە:

١-كەمی خزمەتگوزاری فێركاری بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەكی بەرچاو زیادیكردوە بە هۆی كۆچ لە دەرەوەی سەنتەری شار بۆ ناو سەنتەری شار.

٢-دابەشنەبونی دامەزراوەكانی خزمەتگوزاری فێركاری لەسەر بنەمای پێوەرە پلانسازییەكان بەسەر گەرەكەكانی شارداو لە هەمان كاتدا كۆبونەوەی زۆرینەی دامەزراوەكانی ئەم خزمەتگوزارییە لە چەند گەڕەكێكی شارەكەدا.

### ئاستەنگەكانی توێژینەوە:

١-كەم و كورتی داتاكانی تایبەت بە خزمەتگوزاری فێركاری و ڕەگەزەكانی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە.

٢-بارودۆخی نائاسایی بەهۆی نەخۆشی كۆرۆناوە، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەكان پێویست بو چەند جارێك سەردانی قوتابخانە و خوێندنگەكان بكەین .

### میتۆدی توێژینەوە:

هەر لێكۆڵینەوەیەكی زانستی میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە لەم توێژینەوەدا هەردو میتۆدی (وەسفی و شیكاری) بەكارهاتوە، جگەلە بەكارهێنانی سەرچاوەی زانستی بەمەبەستی شیكرنەوەو دەرخستنی جیاوازی دابەشبونی خزمەتگوزاری فێركاری و هەڵسەنگاندنی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە.

### پلانی توێژینەوە:

بۆگەشتن بە ئامانجی توێژینەوە بەسەر پێنج تەوەردا دابەشكراوە، تەوەری یەكەم ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوە لەخۆدەگریت، تەوەری دوەم بۆ ڕونكردنەوەی چەمكی خزمەتگوزاری فێركاری، تەوەری سێیەم دابەشبونی جوگرافی دامەزروە فێركارییەكان و ڕەگەزەكانی باس دەكات، تەوەری چوارەم هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری فێركاری دەگرێتەوە و تەوەری پێنجەم تەرخانكراوە بۆ ئایندەی خزمەتگوزاری فێركاری لە شاری چەمچەماڵ ئەمە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەكان.

#### یەكەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:


ناوچەی توێژینەوە (شاری چەمچەماڵ) دەكەوێتە بەشی ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی ڕۆژهەلاتی پارێزگای كەركوكەوە، بەشێكە لەناوچەی نیمچە شاخاوی سنوری سروشتی ناوچەكە لە ڕۆژهەلاتەوە زنجیرە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

شاخەکانی قەرەداغ و سەگرمە و بازیان وەکو سنوری سروشتی جیاکەرەوەیە لە نێوان ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی، لە باکورەوە زێی بچوک و لە ڕۆژئاواوە بەرزاییەکانی خاڵخاڵان و بانی مەقان و عومەر ئەولیایە، لە باشورەوە لقەکانی خواروی ئاوەسپی(محمدامین، ل ٢٢، ٢٠١١)، لەڕوی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (٠٣ˉ، ٣٥=، ٤٥°، بۆ ١٠ˉ ، ٣٣=، ٣٥°)ی باکور، هەردو هێڵی درێژی (٥٠ˉ،٤٥=، ٤٤° بۆ ٣٠ˉ،٥٠= ، ٤٤°)ی ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی (١) و (٢)، لەڕوی تایبەتمەندی جوگرافیەوە دەکەوێتە نێوان دو هەرێمی جیاواز کە هەرێمی دەشتایی لە باشورو باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکوک، هەرێمی چیایی لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، نزیکەی (٦٥)کم لە پارێزگای سلێمانی و (٤٨)کم لە پارێزگای کەرکوکەوە دورە (محمد عزیز، ص ١١، ٢٠١١)، لەبەرئەمە شاری چەمچەماڵ بوە بە ڕێگەیەکی بازرگانی بۆ گواستنەوەی شمەکەکان لە نێوان هەردو پارێزگاکەدا، ئەمە جگەلەوەی کە پارێزگای کەرکوک ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و پارێزگای سلێمانیش بە پیشەسازی و کشتوکاڵ، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر لایەنی ئابوری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

نەخشەی (١) پێگەی شاری چەمچەماڵ بە گوێرەی ئیدارەی گەرمیان و هەرێمی کوردستان





سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە:

•حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان،٢٠٢٢.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

نەخشەی (٢) پێگەی ئەسترۆنۆمی شاری چەمچەماڵ




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە:

•حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، ب. هونەری، ٢٠٢١.

## دووەم: چەمکی خزمەتگوزاری فێرکاری (خدمات التعليمية)

### خزمەتگوزاری:

بەتێڕوانینی (د.فتحي محمد مصيلحي) خزمەتگوزاری کارێکی سودبەخشە، ئامانج لێی باشترکردنی شێوازی ژیانی تاک و کۆمەڵگەیە و بەزۆری کالآیەکی مەعنەوی بەرهەمدەهێنێت، لەبەرئەوەی بەزۆری شارەزایی و لێهاتوی گروپە ڕاهێنراوەکان پێشکەش بەتاکەکانی کۆمەڵگە و دەستە و کۆمپانیا خۆماڵی یاخود هەرێمی یاخود جیهانییەکان دەکات(الهيتي،٢٠١٣،ص١٨). لە پێناسەیەکی تردا هاتوە خزمەتگوزاری بریتییە لە کۆمەڵە چالاکی و کردارێک کەرتی گشتی و تایبەت پێشکەش دانیشتوانی ناوچەیەکی دەکەن ئەگەری هەیە سودێکی بەرجەستەکراوی بەدوادا بێت یاخود سودێکی هەست پێکراو، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دابینکردنی خۆشگوزەرانی باشترکردنی دۆخی ژیانی دانیشتوان(غنيم، ٢٠١٣، ص٢١).

### خزمەتگوزاری فێرکاری:

پرۆسەی فێرکردن کۆڵەکەی سەرەکی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە و بنەمای پەرەپێدانە(بن غضبان، ٢٠١٣،ص١٧٣)، خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ دەرخستنی توانای بیرو مێشکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

خوێندکاران، ئەمە جگەلەوەی دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی سیستەمێکی هەرەمی بۆ نواندنی یاسایی خوێندن، کە بەخوێندنی باخچەی ساوایان دەست پێدەکات و بە شێوەیەکی پلەپلەیی (تدریجی) دەڕوات تاوەکو دەگاتە خوێندنی باڵا (الجمیلی، ص١٣٠، ٢٠٠٧)، هەروەها لە یەکێکی تر لە پێناسەکاندا هاتوە کە جۆرێکە لە جۆرەکانی (خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی)[ii]، بەشێوەیەکی فراوان بڵاوەو بایەخی گرنگی هەیە لە هەمو جیهاندا، ئەمەش مانای چالاکی و سودبەخشینە کە لەلایەن دەوڵەت یان کەرتی تایبەتەوە پێشکەش بە دانیشتوان دەکرێت، ئامانجی گەیاندنی سودی زانستیانە و فراوانبونی لایەنی دەرونی و مێشکی مرۆڤەکانە(رواندزی، ص٩، ٢٠٠٦). لە پێناسەیەکی تردا هاتوە کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی کۆمەڵگا پەیوەستە بە گەشەسەندنی لایەنی هونەری و پیشەیی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەرێمی، سەرەڕای ئەمە پێویستییەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگا بۆ گەشەسەندنی لەڕوی ڕۆشنبیری و بڵاوبونەوەی هەستی نەتەوایەتی(الهیتی، ص٦٥، ٢٠٢٢). لە پێناسەیەکی تردا دەڵێ لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، جگە لەوەی لقێکە لە لقەکانی پەروەردە، ئامانجی گەشەسەندنی کۆمەڵگایە لە هەمو لایەکەوە (دەرون، بیر، توانا) بەمەبەستی دروستکردنی مرۆڤێکی بە توانا لە هەمو ڕویەکەوە(کمال ویوسف، ص١٣٤-١٣٥، ٢٠٠٧). هەروەها بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە پیشەییە گرنگەکان دادەنرێت کە پێشکەشی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو ناوچەکانی دەوروبەری دەکرێت، کۆمەڵە سیستەمێکی ڕێکخراوە تەواوکەری یەکترن لە ماوەی کرداری پەروەردەدا(خوێندن )دا (الحیانی،،ص٧٧، ٢٠٠٥). خوێندن نیشانەیەکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی دانیشتوان لەلایەکەوە وەکو بەرهەمهێنی مادی و گیانی لە لایەکی ترەوە وەکو بخۆری ئەو بەرهەمانە کە ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان بەچەند شتێک دیاریدەکرێت لە نێوانیاندا ڕێژەی خوێندەوارە(غەفور، ل١٥٣، ٢٠٠٨). بە بڕوای توێژەران ئەو ڕێگایەیە کە بە هۆیەوە مرۆڤ یان کۆمەڵگا دەتوانێت بگات بەئاستێکی بەرز، ئەمەش دەبێتەهۆی گەشەسەندنی لەڕوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی سەرەڕای ئەوەی بونی ئەم خزمەتگوزارییە لە هەر شارێکدا یەکێکە لە نیشانەکانی شارستانیەت.

فێرخواز ڕەگەزێکی سەرەکی دامەزراوە فێرکارییەکانە، پەیوەندیکردنی بەو دامەزراوانەوە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و خاوەندارێتی بڕوانامەیە، کە بتوانێ دواتر درێژە بەژیانی کرداری بدات بەو بڕوانامەی بەدەستی هێناوە، دەکرێت بڵێین فێرخواز لەڕوی زمانەوانییەوە ئەو کەسەیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانست و فێربوندا دەگەڕێ.

## شار:

توێژەران پێناسەی جیاوازیان بۆ شار هەیە، بەهۆی جیاوازی پسپۆری و پاشخانی هزریانەوە، دیکنسۆن دەڵێت شار بریتییە لە ناوەندێکی ئاوەدانی چڕ زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەپیشەی جۆراوجۆری وەکو بازرگانی و پیشەسازی کاردەکەن جگە لە کشتوکاڵ(محمد، ص١٦، ٢٠١٦)، لە پێناسەیەکی تردا هاتوە شار ئەو ناوەندە ئاوەدانییەیە چالاکی کشتوکاڵی پیشەی سەرەکی دانیشتوانەکەی نییە، بەڵکو ناوەندی داهێنان و درەوشانەوەی شارستانییەتە و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

تایبەتە بە چالاکی بازرگانی و پیشەسازی(یوسف، ص١٠، ٢٠٠٧) بەگشتی ئەتوانین بڵێین توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی شار ناوەندی کۆبونەوەی دانیشتوان و کارکردن و خۆشگوزەرانیە.

## سێیەم: دابەشبونی جوگرافی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری:

### ١-قۆناغی باخچەی منداڵان

قۆناغێکی پەروەردەیی هەستیارە و بایەخێکی گرنگی هەیە لە قۆناغەکانی خوێندن بە بنەمای سەرەکی پەروەردەکردن و گەشەسەندنی منداڵ دادەنرێت لەڕوی جەستەیی و مێشک و زمان و کردار و کۆمەڵایەتی (رواندزی،ص١٠، ٢٠٠٦)، ئەم قۆناغە دەست پێدەکات لەتەمەنی (٤ – ٦) ساڵی واتە پێش چونی منداڵ بۆ قۆناغی بنەڕەتی، دەبێتە هۆی یارمەتی دانی خێزان بەتایبەتی بۆ ئەو دایکانەی کە کاردەکەن دڵنیادەبنەوە لە گەشەسەندنی بەردەوامی منداڵەکانیان لەڕوی تەندروستی و پەروەردەیی(الجمیلی، ص١٣٢، ٢٠٠٧)، جگەلەوەی دەبێتە هۆکارێک بۆ دیاریکردنی سلوکی منداڵ بۆ قۆناغەکانی دوایی(شقیر،،ص٦٨، ٢٠٠٩).

بەسەیرکرن لە خشتەی (١) و نەخشەی (٣) دەردەکەوێت ژمارەی ئەو منداڵانەی لە قۆناغی باخچەی منالان دەخوێنن دەکاتە (٧٧٥) منداڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

بەگشتی ژمارەی باخچەکانی ناو شاری چەمچەماڵ (٥) باخچەیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، باخچەی لەتیف هەڵمەت ژمارەی منداڵەکان (٢٩٥) منداڵە بەسەر (٦) پۆلی خوێندن دابەشبون بەم پێیە ژمارەی منداڵ بۆ هەر پۆلێکی خوێندن دەکاتە نزیکەی (٤٩منداڵ/پۆل)، باخچەی وەنەوشە (١٥٧) منداڵی لەخۆگرتوە کە بەسەر (٤) پۆلدا دابەشبون واتە نزیکەی (٣٩،٢منداڵ/ پۆل)، هەروەها باخچەی ساوایانی گوڵ کۆی خویندکارانی (١٢٥) منداڵە بەسەر (٤) پۆلی خوێندن دابەشبون، کە هەر پۆلێک نزیکەی (٣١منداڵ/ پۆل)، باخچەی ساوایانی هێرۆ (١٠٠) منداڵی هەیە بەسەر (٦) پۆلی خوێندن دابەشبون. کەواتە هەر پۆلێکی خوێندن نزیکەی (١٦،٦منداڵ/ پۆل)، باخچەی ساوایانی چەمچەماڵ (٩٨) منداڵی هەیە بەسەر (٤) پۆلی خوێندن دابەشبون واتە نزیکەی (٢٤،٥ منداڵ/پۆل)، بەگشتی باخچەکان بەسەر (٤) گەڕەکی شارەکە دابەشبون ئەوانیش گەڕەکەکانی (ئازادی، ئاشتی، بنار، بێکەس)ن، لێرەوە دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری گەڕەکەکان لە خزمەتگوزاری باخچە بێبەشن بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان بە هۆی ناڕێکی لە دابەشبونی ئەم خزمەتگوزارییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

خشتەی (١)


دابەشبونی جوگرافی باخچەی منداڵان و ڕەگەزەکانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠ – ٢٠٢١

| ناوی گەڕەک | ناوی باخچە | ژمارەی منداڵ | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی پۆل | ڕێژەی خوێندکار بۆ هەر پۆلێک |
|---|---|---|---|---|---|
| ئازادی | لەتیف هەڵمەت | ٢٩٥ | ١٤ | ٦ | ٤٩.١ |
| ئاشتی | وەنەوشە | ١٥٧ | ٦ | ٤ | ٣٩.٢ |
| بنار | گوڵ | ١٢٥ | ٨ | ٤ | ٣١.٢ |
| بێکەس | هێرۆ | ١٠٠ | ١١ | ٦ | ١٦.٦ |
| ئازادی | چەمچەماڵ | ٩٨ | ٩ | ٤ | ٢٤.٥ |
| کۆی گشتی | | ٧٧٥ | ٤٨ | ٢٤ | – |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە بەڕێوەبەری باخچەکانی منداڵان ٢٠٢١/٥/٢

نەخشەی (٣)

دابەشبونی جوگرافی باخچەکانی منداڵان لە شاری چەمچەماڵ




سەرچاوە: ١- کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (١) و بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc gis ١٠.٢).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری، ٢٠٢١.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

## 2-قۆناغی بنەڕەتی

### أ/ بازنەی یەكەم پۆلەكانی(١-٦)

خوێندنی بنەڕەتی یەكێكە لە قۆناغە گرنگەكان لە سەرانسەری جیهاندا كە ئەم قۆناغە تەمەنی (٦-١١) ساڵ لەخۆدەگرێت دوای خوێندنی باخچەی ساوایان دەست پێدەكات(الجبوری، ص ٧٦، ٢٠٠٥)، لەم قۆناغەدا قوتابی فێری نوسین و خوێندن دەكرێت كە ئەمەش كاریگەری لەسەر زانست و زانیاری هەر كۆمەڵگایەك هەیە لەڕوی پێكهاتە و پێشكەوتنەوە، ئەمەش زیاتر ڕون دەبێتەوە كاتێك بەراوردی كۆمەڵگایەكی پێشكەوتو لەگەڵ كۆمەڵگایەكی دواكەوتو دەكرێت(ئاماری سلیمانی، ل١١، ٢٠٢٠).

بەسەیركرن لەخشتەی (٢) و نەخشەی (٤) دەردەكەوێت ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی یەكەم دەخوێنن دەكاتە (١١١٧٤) قوتابی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، هەروەها ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتیەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ بازنەی یەكەم (٢٠) خوێندنگایە، قوتابخانەی خەزان (٩٢٧) قوتابی لەخۆگرتوە كە بەسەر (٢٠) پۆلی خوێندندا دابەشبون، بەم پێیە هەر پۆلێكی خوێندن نزیكەی (٤٦،٣) قوتابی/پۆلێك، قوتابخانەی بنار (٩٨٤) قوتابی هەیە بەسەر(٢٢) پۆلی خوێندندا دابەشبون بەمەش ڕێژەی قوتابیان نزیكەی (٤٢.٥) قوتابی /پۆلێك، هەروەها قوتابخانەی ئەردەڵان (٣٥٤) قوتابی بنەڕەتی لەخۆگرتوە كە بەسەر (١٠) پۆلی خوێندندا دابەشبون بەم پێیەش ڕێژەی خوێندكار دەكاتە نزیكەی (٣٥.٤) قوتابی /پۆل، پاشان قوتابخانەی فەقێ قادر دێت لە زۆرترین ڕێژەی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ بازنەی یەكەم كە (٤٢٠) قوتابیە و بەسەر (١٢) پۆلدا دابەشبون بەمەش پلەی دوەمی هەیە لە زۆرترین ڕێژەی قوتابی كە نزیكەی (٤٤.٧) قوتابی/پۆلێك، پاشان قوتابخانەی باڵا (١١٠٥) قوتابی هەیە بەسەر (٢٦) پۆلی خوێندندا دابەشبون كە ڕێژەی قوتابی دەكاتە نزیكەی (٣٥) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی ئەسیری (٦٢٩) قوتابی لەخۆگرتوە كە بەسەر (١٨) پۆلی خوێندن دابەشبون، بەمەش دەكاتە نزیكەی (٣٤.٩) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی سپی حەسار لە (٤٠٠) قوتابی پێكهاتوە كە بەسەر (١٢) پۆلی خوێندن دابەشبون، بەمەش نزیكەی(٣٣،٣) قوتابی/پۆل، و قوتابخانەی شەهید (٧٧٨) قوتابی هەیە بەسەر (٢٤) پۆلی خوێندن دابەشبون بەمەش دەكاتە نزیكەی (٣٢.٤) قوتابی/پۆل، پاشان قوتابخانەی عبدالله پەشێو دێت لە ڕوی زۆری ڕێژەی قوتابی بۆ هەر پۆلێكی خوێندن كە لە (٤٣٤) قوتابی پێكهاتوە وە بەسەر (١٤) پۆلی خوێندن دابەشبون بەمەش ڕێژەی قوتابی دەكاتە نزیكەی (٣١) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی ئاشتی بنەڕەتی (٥٥٠) قوتابی هەیە، بەسەر(١٨) پۆلی خوێندن دابەشبون كە دەكاتە نزیكەی (٣٠.٥) قوتابی/پۆل، قوتابخانەی گەشبین (٣٧٦) قوتابی بنەرەتی بۆ بازنەی یەكەم لەخۆدەگرێت كە بەسەر (١٣) پۆلی خوێندن دابەشبون بەم پێیەش ڕێژەكەی دەكاتە نزیكەی (٢٨.٩) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی ئەختەر (٣٩٧) قوتابی لەخۆگرتوە كە بەسەر (١٤) پۆلی خوێندن دابەشبون، بەمەش ڕێژەی قوتابی دەكاتە نزیكەی(٢٨.٣) قوتابی /پۆل، پاشان قوتابخانەی مەشخەڵ دێت كە(٦٥٠) قوتابی هەیە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

بەسەر(٢٤)پۆلی خوێندن دابەشبون بەمەش ڕێژەی قوتابی دەکاتە نزیکەی (٢٧) قوتابی/پۆل، قوتابخانەی چەمچەماڵی بنەڕەتی (٦٣١) قوتابی هەیە کە بەسەر(٢٤)پۆلی خوێندن دابەشبون کە دەکاتە نزیکەی (٢٦.٢) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی ڕۆژ (٣٠٠) قوتابی لەخۆگرتوە کە بەسەر(١٢)پۆلی خوێندن دابەشبون بەم پێیەش ڕێژەی قوتابی دەکاتە نزیکەی(٢٥) قوتابی/پۆل، دواتر قوتابخانەی سەگرمە دێت کە ژمارەی قوتابیانی(٧٣٥) قوتابیە بەسەر(٣٠)پۆلی خوێندن دابەشبون، بەمەش ڕێژەی قوتابی بۆ هەر پۆلێکی خوێندن دەکاتە نزیکەی(٣٤،٥) قوتابی/پۆل، قوتابخانەی دیدەن(٤٠٠)قوتابی لەخۆگرتوە کە بەسەر(١٨) پۆلی خوێندن دابەشبون، بەمەش ڕێژەکە دەکاتە نزیکەی (٢٢.٢) قوتابی/پۆل، هەروەها قوتابخانەی ئاڵا (٣٦٥) قوتابی لەخۆگرتوە کەبەسەر (١٨)پۆلی خوێندن دابەشبون کە ڕێژەی قوتابی دەکاتە نزیکەی (٢٠.٢) قوتابی/پۆل، پاشان قوتابخانەی ڕەند(١٣٥) قوتابی لەخۆگرتوە بەسەر(٩) پۆلی خوێندن دابەشبون بەمەش ڕێژەی قوتابی دەکاتە نزیکەی (١٥) قوتابی/پۆل. لە کۆتایی ئەم خستنەڕوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی نارێکی هەیە لە دابەشبونی قوتابخانەکان لە گەڕەکەکاندا و وەک پێویست قەبارەی دانیشتوان لەبەرچاو نەگیراوە، هەربۆیە لە ئەنجامی زۆری ژمارەی قوتابی لەهەندێک قوتابخانە وایکردوە ڕێژەی قوتابی زۆر بەرزبێت لە پۆلەکاندا، کە ئەمەش دواتر دێینە سەر باسکردنی کە کێشەی زۆر بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری دروست دەکات.

بەسەیرکرن لە خشتەکە دەردەکەوێت کە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی یەکەم بەسەر (١٢) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە دابەشبون بەجۆرێک زۆرترین قوتابخانە بنەڕتییەکان دەکەوێتە گەڕەکەکانی (ئازادی، ڕۆژهەڵات، ئاشتی، بێکەس، ڕاپەڕین) لە کاتێکدا زۆرترین ڕێژەی قوتابی دەکەوێتە گەرەکەکانی (کوردستان و بنار و نیشتیمان)، ئەمەش بۆ نارێکی دابەشبونی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی یەکەم دەگەڕێتەوە، کە هۆکارێکە بۆ زۆری ڕێژەی قوتابیان لە قوتابخانەیەک و کەمی ئەم ڕێژەیە لە قوتابخانەیەکی تر، هەرچەندە تەواوی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە بینای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی دەوامکردنی قوتابخانەکانی بازنەی دوەم (٧-٩) کە بینایان نییە کێشەیان بۆ دروستبوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

خشتەی (٢)

دابەشبونی جوگرافی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و ڕەگەزەکانی بازنەی یەکەم (١-٦) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١

| ناوی قوتابخانە | گەڕەک | ناوی قوتابخانە لە هەمان بینای خوێندن | ڕەگەزی قوتابخانە | جۆری قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابی | ژمارەی پۆل | ڕێژەی قوتابی / پۆل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خەزان | بنار | پێنوس | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٣ | ٩٢٧ | ٢٠ | ٤٦،٣ |
| بنار | نیشتیمان | دایک | تێکەڵ | دو دەوام | ٤١ | ٩٨٤ | ٢٢ | ٤٤،٧ |
| باڵا | کوردستان | باڵا | تێکەڵ | دو دەوام | ٤٨ | ١١٠٥ | ١٣ | ٤٢،٥ |
| خاک | خاک | خاک<br>مەولەوی ئێواران | تێکەڵ | سێ دەوام | ٣٦ | ٦٠٤ | ١٦ | ٣٧.٧ |
| ئەردەڵان | ئازادی | چەرموی ئێواران | تێکەڵ | دو دەوام | ٢٥ | ٣٥٤ | ١٠ | ٣٥،٤ |
| فقێ قادر | ڕۆژهەڵات | -سەربەستی -سالمی ئێواران | تێکەڵ | سێ دەوام | ٢٣ | ٤٢٠ | ١٢ | ٣٥ |
| ئەسیری | شەهیدان | کوردسات | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٦ | ٦٢٩ | ١٨ | ٣٤.٩ |
| سپی حەسار | سەرشەقام | سپی حەسار | تێکەڵ | دو دەوام | ٢٩ | ٤٠٠ | ١٢ | ٣٣،٣ |
| شەهید | ئاشتی | مهابات | تێکەڵ | دو دەوام | ٦٠ | ٧٧٨ | ٢٤ | ٣٢،٤ |
| عبداللە پەشێو | ڕۆژهەڵات | تەوار | تێکەڵ | دو دەوام | ٢٣ | ٤٣٤ | ١٤ | ٣١ |
| ئاشتی | مامۆستای ان | میدیا | تێکەڵ | دو دەوم | ٣٧ | ٥٥٠ | ١٨ | ٣٠،٥ |
| گەشبین | ئازادی | سەردەم | تێکەڵ | دو دەوام | ٢٨ | ٣٧٦ | ١٣ | ٢٨،٩ |
| ئەختەر | ئاشتی | ئەختەر | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٤ | ٣٩٧ | ١٤ | ٢٨.٣ |
| مەشخەڵ | بێکەس | مەشخەڵ | تێکەڵ | دو دەوام | ٤٦ | ٦٥٠ | ٢٤ | ٢٧ |
| چەمچەماڵ | بێکەس | چەمچەماڵ | تێکەڵ | دو دەوام | ٤٧ | ٦٣١ | ٢٤ | ٢٦.٢ |
| ڕۆژ | ئازادی | ڕاسانی بنەڕەتی | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٠ | ٣٠٠ | ١٢ | ٢٥ |
| سەگرمە | ڕاپەڕین | سەگرمە | تێکەڵ | دو دەوام | ٥٠ | ٧٣٥ | ٣٠ | ٢٤،٥ |
| دیدەن | ئاسودە | دیدەن | تێکەڵ | دو دەوام | ٣١ | ٤٠٠ | ١٨ | ٢٢.٢ |
| ئاڵا | ڕاپەڕین | ئاڵا | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٦ | ٣٦٥ | ١٨ | ٢٠.٢ |
| ڕەند | بانی مەقان | – | تێکەڵ | دو دەوام | ١٣ | ١٣٥ | ٩ | ١٥ |
| کۆی گشتی | | | | | ٧٠٦ | ١١١٣٧ | ٣٤١ | |

سەرچاوە: کاری مەیدانی بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە شاری چەمچەماڵ، ٢٠٢١/٥/٩.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

## ب: بازنەی دوەم پۆلەكانی(٧-٩):

بە گشتی ئەم قۆناغەی خوێندن ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە كە تەمەنیان لە نێوان(١٢-١٤)ساڵدایە، تاوەكو پێش ساڵی (٢٠٠٦) بە قۆناغی ناوەندی ناودەبرا، بەڵام دواتر بەگوێرەی سیستەمی خوێندن ناونرا قۆناغی بنەڕەتی بە جۆرێک لەگەڵ قۆناغی بنەڕەتی بازنەی یەكەم لەیەک كات و لەیەک بینای خوێندن سیستەمەكە بەڕێوەبچێت، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابی و كەمی پۆلەكانی خوێندن تاوەكو ئێستاش نەتوانراوە سیستەمەكە پەیڕەو بكرێت، لەبەرئەوە بە هەمان ناوی قۆناغی بنەڕەتی و بە بازنەی (٧-٩) ئاماژەمان پێكردوە لە توێژینەوەكەدا.

نەخشەی (٤)

دابەشبونی جوگرافی قوتابخانە بنەڕەتییەكان بازنەی یەكەم (١-٦) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١




سەرچاوە: ١- كاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (٢) و بەكارهێنانی بەرنامەی ( Arc gis١٠.٢).

٢- حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری، ٢٠٢١.

بەسەیركرن لەخشتەی (٣) دیارە كە قوتابیان لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوەم بۆ سێ جۆری قوتابخانە دابەشبون، كە هەریەک لە قوتابخانەی (كوڕان، كچان، تێكەڵ) دەگرێتەوە، هەروەها لە نەخشەی (٥) دیارە كە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی دوەم بەسەر (١١) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە دابەشبون زۆرترین قوتابخانەکانی دەکەوێتە گەڕەکی بێکەس و ئازادی کە هەریەکە و سێ قوتابخانەی لەخۆگرتوە  گەڕەکی بێکەس (گزنگی بنەڕتی، چەمی ڕیزان، قەڵا) لەخۆدەگرێت، هەروەها گەڕەکی ئازادی قوتابخانەی (چەرمو، سەردەم، ڕاسان) لەخۆدەگرێت. هەروەها هەریەک لە گەڕەکی ئاشتی و ڕۆژهەڵات بەدوای یەکدا قوتابخانەکانی (مهابات، سۆران) و (سەربەستی و تەوار) لەخۆدەگرێت.

سەبارەت بە ڕێژەی قوتابخانە لە کۆی قوتابخانەکانی شارەکە و ڕێژەی قوتابی لە کۆی قوتابیانی شارەکە، وەک لەخشتەی (٧)دا دیارە قوتابیانی کوڕان نزیکەی (٥٣٪) کۆی قوتابخانەکانی شارەکە ونزیکەی (٥١.٢٪) کۆی قوتابی بازنەی دوەم پێکدەهێنن، بەڵام قوتابخانەکانی کچان نزیکەی (٣٥٪) کۆی قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی ونزیکەی (٣٧.٧٪) کۆی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوەم پێکدەهێنن، لەکاتێکدا قوتابخانەی تێکەڵاو نزیکەی(١٢٪) کۆی قوتابخانەکان و  نزیکەی(١١.١٪) کۆی قوتابیان بۆ قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوەم پێکدەهێنن، هۆکاری نارێکی ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی دابەشبونی قوتابخانە بنەڕتییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی نیشتەجێبون، هەروەها لە کۆی (١٨) قوتابخانەی ئەم قۆناغە تەنها (٢) قوتابخانە خاوەن بینای تایبەت بە خۆیانن، هەربۆیە لە بینا قوتابخانەکانی تر بە تایبەت بازنەی یەکەم دەوام دەکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

خشتەی (٣)

ژمارەی خوێندکار و پۆلەکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بازنەی دوەم پۆلی(٧-٩)بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١

| ناوی قوتابخانە | گەڕەک | ناوی قوتابخانە لەهەمان بینای خوێندن | ڕەگەزی قوتابخانە | جۆری قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی پۆل | ڕێژەی قوتابی/پۆل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری | ڕاپەڕین | - | کوڕان | یەک دەوام | ٣٢٤ | ١٩ | ٨ | ٤٠.٥ |
| *چەرمو | ئازادی | ئەردەلان | کوڕان | دو دەوام | ٣٣٥ | ١٧ | ٩ | ٣٧.٢ |
| پێنوس | بنار | خەزان | کوڕان | دو دەوام | ٦٢٨ | ٢٥ | ١٨ | ٣٤.٨ |
| وەفا | خاک | ئامادەی مەستورە | کچان | دو دەوام | ٦١٨ | ٣٣ | ١٨ | ٣٤.٣ |
| سەردەم | ئازادی | گەشبین | کوڕان | دو دەوام | ٣٠٢ | ٢١ | ١٠ | ٣٠.٢ |
| دایک | نیشتیمان | بنار | کچان | دو دەوام | ٥٣٤ | ٢٤ | ١٨ | ٢٩.٦ |
| ڕوناکی | کوردستان | ئامادەی نوێگەری | کوڕان | دو دەوام | ٥١٨ | ٣١ | ١٨ | ٢٨.٧ |
| میدیا | مامۆستایان | ئاشتی | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٣٨ | ٣١ | ١٢ | ٢٨.١ |
| گزنگی بنەڕەتی | بێکەس | چەمی ڕێزان قەڵای ئێواران | کچان | سێ دەوام | ٢٧٦ | ٢٠ | ١٠ | ٢٧.٦ |
| چەمی ڕێزان | بێکەس | گزنگی بنەڕەتی قەڵای ئێواران | کوڕان | سێ دەوام | ٢٧٥ | ١٨ | ١٠ | ٢٧.٥ |
| **مهابات | ئاشتی | شەهید | کچان | دو دەوام | ٣١٣ | ٢٨ | ١٢ | ٢٦ |
| کوردسات | شەهیدان | ئەسیری | تێکەڵ | دو دەوام | ٣٣٠ | ٢٥ | ١٣ | ٢٥.٣ |
| سەربەستی | ڕۆژهەڵات | فەقی قادر سالمی ئێواران | کوڕان | سێ دەوام | ٢٢٥ | ١٧ | ٩ | ٢٥ |
| ***قەڵا | بێکەس | چەمی ڕێزان * گزنگی بنەڕەتی | کوڕان | سێ دەوام | ٢٥٠ | ١٢ | ١٠ | ٢٥ |
| ڕاسان | ئازادی | ڕۆژ | کچان | دو دەوام | ٢٧٠ | ٢٠ | ١٢ | ٢٢.٥ |
| سۆران | ئاشتی | ئامادەی چەمچەماڵ | کوڕان | دو دەوام | ٢٢٢ | ١٨ | ١٠ | ٢٢.٢ |
| تەوار | ڕۆژهەڵات | عبدالله پەشێو | کچان | دو دەوام | ٢٥٩ | ٢٣ | ١٢ | ٢١.٥ |
| کۆی گشتی | | | | | ٦٠١٧ | ٣٨٢ | ٢٠٩ | - |

سەرچاوە: کاری مەیدانی بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە بەڕێوبەر و جێگری بەڕێوەبەرەکان، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٦ پێشو.

(*) چەرموی بنەڕەتی ئێواران تایبەتە بە تەمەن گەورەکان

(**) ئامادەیی مهابات تایبەتە بە خوێندنی عەرەبی بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە هەردو بازنەی یەک و دو(١-٩)


(***) قەڵای بنەڕەتی ئێواران تایبەتە بە تەمەن گەورەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

نەخشەی (٥)

دابەشبونی جوگرافی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی دوەم پۆلی(٧-٩)بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١




١- سەرچاوە: ١- کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (٣) و بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc gis ١٠.٢).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری، ٢٠٢١.

## ٣-قۆناغی ئامادەیی

ئەم قۆناغە پۆلی چوار بۆ شەش دەگرێتەوە (لەکاتی ئێستادا پێی دەڵێن ١٠ بۆ ١٢) لە تەمەنی (١٦ – ١٨) ساڵیدایە لەم قۆناغەدا خوێندکار پسپۆری وەردەگرێت لە بواری خوێندندا کە بۆ دو بەشی ئەکادیمی دابەشکراوە (زانستی و وێژەیی)، بەسەرنجدان لە خشتەی (٤) و نەخشەی (٦) دەدەکەوێت، کە خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی بەهەمان شێوەی بازنەی دوەمی قۆناغی بنەڕەتی بۆ سێ جۆری خوێندن دابەشبون کە ئەویش خوێندنگەی (کوڕان، کچان، تێکەڵ) دەگرێتەوە.

بەگشتی خوێندنگە ئامادەییەکان بەسەر (٦)گەڕەکی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشبون، زۆرترین خوێندنگەکانی دەکەوێتە گەڕەکی (ئاشتی) کە هەریەک لە خوێندنگەکانی (ڕەنگین، ئامادەیی چەمچەماڵ، تاڤگەی کچان، کوردستان) لەخۆدەگرێت، پاشان گەڕەکی ئازادی دێت کە (٢) خوێندنگەی لەخۆگرتوە کە هەریەک لە خوێندنگەکانی (مەقان،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

پێشڕەو) دەگرێتەوە، هەروەها گەرەکی مامۆستایان (٢)خوێندنگەی ئامادەیی لەخۆدەگرێت کە هەریەک لە خوێندنگەکانی (شوان، گۆران) دەگرێتەوە، هەروەها گەڕەکی خاک هەریەک لە خوێندنگەی (مەستورە، مەولەوی ئیواران) لەخۆدەگرێت، پاشان بەدوای یەکدا هەریەک لە گەڕەکی ڕۆژهەلات و کوردستان دێت کە خوێندنگەی (سالمی ئێواران، نویگەری) لەخۆدەگرێت.

سەبارەت بە ڕێژەی خوێندنگە لە کۆی خوێندنگە ئامادەییەکان و ڕێژەی خوێندکار لە کۆی خوێندکارانی ئامادەیی وەک لە خشتەی(٤)دا دیارە خوێندنگەکانی کوڕان نزیکەی (٥٠٪)ی کۆی خوێندنگە ئامادەییەکان و نزیکەی (٤١،٥٪)ی خوێندکارانی ئامادەیی پێکدەهێنن، بەلام خوێندنگەکانی کچان نزیکەی (٤١،٧٪)ی کۆی خوێندنگە ئامادەییەکان و نزیکەی (٥٠،٣٪)ی خوێندکارانی ئامادەیی پێکدەهێنن، لەکاتێکدا خوێندنگەی تێکەلاو نزیکەی (٨،٣٪)ی کۆی خوێندنگە ئامادەییەکان و نزیکەی(٨،٢٪)ی کۆی خوێندکارانی ئامادەییان پێکهێناوە.

نارێکی دابەشبونی ژمارەی خوێندنگا و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ نارێکی دابەشبونی خوێندنگە ئامادەییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە، هەروەک لە نەخشەی (٦) تێبینی دەکرێ ئەو (١٢) خوێندنگایەی لە ناوچەی توێژینەوە هەیە دابەشبونە بەسەر (٦) گەڕەکدا واتە (١٢) گەڕەک هیچ قوتابخانەیەکی ئامادەیی تێدا نیە، ئەمەش هەلی ئاسانی گەیشتن بۆ خوێندکارانی نیشتەجێبوی هەمو گەڕکەکانی شار وەک یەک دابین ناکات، جگە لەوەش تەنها (٦) خوێندنگا خاوەن بینای تایبەت بەخۆیانن و ئەوانەی تر لەگەڵ قوتابخانەکانی تردا دەوام دەکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

خشتەی (٤) ناوی و ژمارەی خوێندکار و پۆل و ڕەگەزی خوێندنگە ئامادەییەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠ – ٢٠٢١

| ناوی خوێندنگە | گەڕەک | ناوی قوتابخانە لە هەمان بینای خوێندن | ڕەگەزی خوێندنگە | جۆری خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی پۆل | ڕێژەی خوێندکار/پۆل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەنگین | ئاشتی | کوردستان | کچان | دو دەوام | ٥٨٢ | ٢٢ | ١٦ | ٣٦.٣ |
| *سالمی ئێواران | ڕۆژهەڵات | –فقی قادر – سەربەستی | کوڕان | سێ دەوام | ٥٠٩ | ٢٣ | ١٤ | ٣٦.٣ |
| گۆران | مامۆستای ان | شوان | کوڕان | دو دەوام | ٤٣٠ | ٢٥ | ١٢ | ٣٥.٨ |
| شوان | مامۆستای ان | گۆران | کچان | دو دەوام | ٨٥٠ | ٤٥ | ٢٤ | ٣٥.٤ |
| چەمچەماڵ | ئاشتی | سۆرانی بنەڕەتی | تێکەڵ | دو دەوام | ٤٠٠ | ٢٣ | ١٢ | ٣٣.٣ |
| *مەولەوی ئێواران | خاک | خاک | کوڕان | سێ دەوام | ٣٠٠ | ٢٣ | ١٠ | ٣٠ |
| مەستورە | خاک | وەفای بنەڕەتی | کچان | دو دەوام | ٤٠٣ | ٢٢ | ١٤ | ٢٨.٧ |
| ** تاڤگەی کچان | ئاشتی | – | کچان | یەک دەوام | ١٩٩ | ١١ | ٧ | ٢٨.٤ |
| مەقان | ئازادی | پێشڕەو | کچان | دو دەوام | ٤١٢ | ٤٥ | ١٦ | ٢٥.٧ |
| نوێگەری | کوردستان | ڕوناکی بنەرەتی | کوڕان | دو دەوام | ٣٠٥ | ٢٥ | ١٢ | ٢٥.٤ |
| پێشڕەو | ئازادی | مەقانی کچان | کوڕان | دو دەوام | ٢٥٠ | ٢٥ | ١٢ | ٢٠.٨ |
| کوردستان | ئاشتی | ڕەنگین | کوڕان | دو دەوام | ٢٢٢ | ١٨ | ١٢ | ١٨.٥ |
| کۆی گشتی | | | | | ٤٨٦٢ | ٣٠٨ | ١٩١ | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بەکۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە بەڕێوەبەر وجێگری بەڕێوبەری قوتابخانەکان، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٣

(*) ئامادەیی (مەولەوی کوڕان، سالمی کوڕان) تایبەتە بە خوێندنی شەوانە و تایبەتە بە تەمەن گەورەکان.


(**) ئامادەی (تاڤگەی کچان) تایبەتە بەخوێندنی تەمەن گەورەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

نەخشەی (٦)

دابەشبونی جوگرافی خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١




سەرچاوە: ١- کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (٤) و بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc gis ١٠.٢).

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری، ٢٠٢١.

## چوارەم- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری فێرکاری:

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە ئاست و توانای پێویستەوە لە بابەتە گرنگەکانە کە جێی بایەخی بەرپرسان و پلاندانەرانە هەربۆیە وڵاتانی جیهان کۆمەڵێک پێوەریان لەسەر چەند بنەمایەک دیاریکردوە تاوەکو خزمەتگوزارییەکان ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن لە باشتر کردنی دۆخی گوزەرانی دانیشتوان، ئەم پێوەرانە جیاوازن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە پێی ئاستی پێشکەوتن و هێزی ئابوری دەوڵەت و ئامانجەکانی سیستمی حوکمڕانی، لە هەرێمی کوردستان کار بە پێوەرە پلانسازییەکانی کارپێکراو لە دام و دەزگا پەیوەندی دارەکانی وڵاتی عێراق دەکرێت، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ پەنا دەبەینە بەر ئەو پێوەرانە:

### یەکەم: پێوەرە مرۆییەکان:

پێوەرە مرۆییەکان گرنگی بەرچاویان لە هەڵسەنگاندنی توانا و ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئەم پێوەرانە کۆمەڵێک نیشاندەر لەخۆدەگرن، کە ئاماژەن بۆ ژمارەی قوتابی و مامۆستا لە دامەزراوە فێرکارییەکان، خشتەی (٥)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

دۆخی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ ڕون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی ئاماژەمان بۆ کردوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

**١-قۆناغی باخچەی منداڵان:**

**أ-پێوەری (منداڵ / مامۆستا):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵ بۆ هەر مامۆستایەک، تاوەکو ژمارەی منداڵەکان زیاتر بێت بۆ هەر مامۆستایەک ئاستی خزمەتگوزارییەکە دادەبەزێت پێچەوانەکەشی ڕاستە، پێوەرە پیلانسازییەکان (٢٠) منداڵی دیاری کردوە بۆ هەر مامۆستایەک، بە سەرنج دان لە خشتەی(٥) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (١٦منداڵ/ ١مامۆستا) ئەمەش بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ پێوەرە پلانسازییەکاندا کەواتا خزمەتگوزارییەکە بە ئاستی پێویست دەگاتە منداڵەکان.

**ب-پێوەری (منداڵ / پۆل):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵ بۆ هەر پۆلێک، کە ڕونکردنەوە لەسەر شوێنی تەرخانکراو بۆ بایەخ پێدان و وەرگرتنی زانست و فێربون، تاوەکو ژمارەی منالەکان زیاتر بێت ئاستی خزمەتگوزاری پێشکەش کراو دادەبەزێت، سەرەڕای سەختی مامەڵەکردن و کۆنترۆڵکردن، هەربۆیە دابینکردنی پۆلی پێویست لە بنەما گرنگەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاریە، پێوەرە پلانسازییەکان (٢٠-٢٥) منداڵی/پۆل دیاریکردوە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٣٢) منداڵ/ پۆل هەربۆیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە داناوە، بەگوێرەی ژمارەی منداڵانی تۆمارکراو لە شاری چەمچەماڵ جگە لەو (٢٤) پۆلەی هەیە پێویستی بە (٧) پۆلی تر هەیە.

**ت-پێوەری (منداڵ / باخچە):** ژمارەی منداڵ لە هەر باخچەیەک ڕون دەکاتەوە، ئەو دامەزراوە فێرکارییەی پێکهاتوە لە شوێنی بایەخ دان و فێرکردنی منداڵەکان و پەرەپێدانی توانا هزریی و جەستەییەکانان، هەربۆیە بە تەواوکاری ڕەگەزەکانی تری ئەم خزمەتگوزارییە دادەنرێت، پێوەرە پلانسازییەکان (١٠٠-١٧٠) منداڵ/ باخچە دیاری کردوە، ژمارەی منداڵەکان لە باخچەکانی شاری چەمچەماڵ (١٥٥) منداڵا/ باخچە، کە ژمارەیەکی گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکەدا.

**٢- قۆناغی بنەڕەتی:**

**٢-١-بازنەی یەکەم (١-٦):**

**أ-پێوەری (قوتابی / مامۆستا):** ژمارەی قوتابییەکان بۆ هەر مامۆستایەک ڕون دەکاتەوە، پێوەرێکی گرنگە لە گەیاندنی زانست و زانیارییەکان بەشێوەیەکی کارا، بەراورد بە پێوەرە پلانسازییەکان، کە (١٨-٢٥) قوتابی/ مامۆستا دیاری کردوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (١٦) قوتابی/ مامۆستا ئەمە خاڵێکی بەهێزە خزمەتگوزاری فێرکارییە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی خزمەت پرۆسەی خوێندن دەکات.

**ب- پێوەری (قوتابی / پۆل):** بونی ژمارەیەکی گونجاو لە پۆلێکدا کاری گەیاندنی زانست و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن مامۆستاوە ئاسان دەکات، هەربۆیە ئەم پێوەرە بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت لە خزمەتگوزاری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

فێرکاریدا، بەگوێرەی پێوەرە پلانسازییەکان(٢٥-٣٦) قوتابی دیاریکراوە بۆ هەر پۆلێک، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٣٣) قوتابی لە پۆلێکدایە بۆ ئەم قۆناغە کە ئەمە ژمارەیەکی گونجاوە لەگەڵ پێوەری ئاماژە پێکراو.

**ت- پێوەری(قوتابی/قوتابخانە):** لە پێوەرە پلانسازییە گرنگەکانە ژمارەی گونجاوی قوتابی بۆ هەر قوتابخانەیەک دیاری دەکات، قوتابخانە کە شوێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەکردنە بە قوتابیان و پۆل و یاریگا و پاشکۆ پێویستەکانی تر لەخۆدەگرێت هەر کەم و کورتییەک لە ژمارەکەی و نەگونجانی کاریگەری خراپ لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکە دەکات، پێوەرە پلانسازییەکان (٤٣٢) قوتابی / قوتابخانە دیاری کردوە بەمەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کورتهێنان نیە لە ژمارەی قوتابخانەکان کە (٣٨٥) قوتابی/ قوتابخانە، هەروەها تەواوی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە خاوەنی بینای تایبەت بەخۆیانن.

**٢-٢-بازنەی دوەم (٧-٩):**

**أ-پێوەری (قوتابی/ مامۆستا):** ژمارەی گونجاوی مامۆستا لە دامەزراوە فێرکارییەکان ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەرگەیاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری، پێوەرە پلانسازییەکان ژمارەی نمونەیی بە (٢٠) قوتابی/مامۆستا دیاریکردوە و لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەکە (١٦) قوتابییە بۆ هەر مامۆستایەک ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەڕوی ئەم ڕەگەزەوە خزمەتگوزارییەکە کێشەی نیە لە کارایی گەیاندن بۆ قوتابیان.

**ب- پێوەری (قوتابی / پۆل):** دابینکردنی پۆلی پێویست و گونجاو لەگەڵ ژمارەی قوتابیان یەکێکە لە پایە ڕەگەزە گرنگەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری، لەبەرئەوەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی پۆلەکان ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دروست دەکات، پێوەرە پلانسازییەکان (٢٥-٣٠) قوتابی/ پۆل دیاریکردوە، دۆخەکە لە شاری چەمچەماڵ (٢٩) قوتابی/ پۆل کەواتا لەم ڕوە هیچ گرفتێک ڕوبەڕوی خزمەتگوزارییەکە نابێتەوە.

**ت- پێوەری (قوتابی / قوتابخانە):** قوتابخانەکان ڕەگەزێکی گرنگی خزمەتگوزاری فێرکارییە و تەواوکەری ئەو ڕەگەزەکانی ترە لە پرۆسەی فێرکاری و پەرەپێدانی توانای قوتابییەکان، لەبەرئەوەی شوێنی کۆبونەوەی قوتابی و مامۆستا و پۆل و گۆڕەپان و پێویستییەکانی تری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکارییە، هەربۆیە ژمارەی نمونەیی (٣٦٠) قوتابی/ قوتابخانە و لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٣٥٤) قوتابییە لە قوتابخانەیەکدا، کە ژمارەیەکی نمونەییە لەگەڵ پێوەرەکەدا.

**٣- قۆناغی ئامادەیی:**

**أ- پێوەری (خوێندکار / مامۆستا):** بونی ژمارەی پێویست لە مامۆستا، کە فشاری زۆری لەسەر نەبێت و بەشەوانەکانی لە ئاستی توانا و وزەی خۆیدا بێت خزمەتێکی گەورەی پرۆسەی فێرکردن دەکات، پێوەرە پلانسازییەکان (١٧) خوێندکار/ مامۆستا دیاریکردوە، لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

ژمارەی خوێندکاران (١٦) خوێندکارە بەرامبەر هەر مامۆستایەک بۆ ئەم قۆناغە ئەمەش گونجاوی تەواو لەگەڵ پێوەرەکە دەسەلمێنێت.

**ب- پێوەری (خوێندکار / پۆل):** هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا جەنجاڵی پۆلەکان کێشە و ئاستەنگ دروست دەکات بۆ مامۆستا و خوێندکار کەواتا ئەم پێوەرە گرنگی زۆری هەیە لە بواری هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری، ژمارەی نمونەیی بەگوێرەی پێوەرە پلانسازییەکان (٣٠) خوێندکارە بۆ هەر پۆلێک، لەناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٥) خوێندکار لە پۆلێکدایە بۆ ئەم قۆناغە هەربۆیە ژینگەیەکی گونجاو و لەبار هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری.

**ت- پێوەری (خوێندکار/ خوێندنگە):** خوێندنگەکان ژینگەی فێرکاری و پەروەردەیی گونجاو دابین دەکەن بۆ خوێندکار، بۆیە دەبێت ژمارەیان لە ئاستێکی گونجاودابێت لەگەڵ ژمارەی خوێندکارەکانی تاوەکو ئەنجامی خوازراومان پێبدات، پێوەرە پلانسازییەکان (٥٢٧)خوێندکاری بۆ هەر خوێندنگەیەک دیاری کردوە ئەم ژمارە لە خوێندنگەکانی شاری چەمچەماڵ(٤٢٨) خوێندکارە بۆ هەر خوێندنگەیەک ئەمەش توانای بەرزی خزمەتگوزاری فێرکاری دەرئەخات.

خشتەی (٥)

هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بەگوێرەی پێوەرە پلانسازییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)

| قۆناغی فێرکاری | ناوی پێوەر | پێوەری پلانسازی | دۆخی ئێستا | جیاوازی لەگەڵ پێوەر |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منالان | منداڵ / مامۆستا | ٢٠ | ١٦ | ٤- |
| | منداڵ / پۆل | ٢٠-٢٥ | ٣٢ | ٧+ |
| | منداڵ / باخچە | ١٠٠-١٧٠ | ١٥٥ | ١٥- |
| قۆناغی بنەڕەتی 1-6 | قوتابی / مامۆستا | ١٨-٢٥ | ١٦ | ٩- |
| | قوتابی / پۆل | ٢٥-٣٦ | ٣٣ | ٣- |
| | قوتابی/ قوتابخانە | ٤٣٢ | ٣٨٥ | ٤٧- |
| قۆناغی بنەڕەتی 7-9 | قوتابی / مامۆستا | ٢٠ | ١٦ | ٤- |
| | قوتابی / پۆل | ٢٥-٣٠ | ٢٩ | ١- |
| | قوتابی/ قوتابخانە | ٣٦٠ | ٣٥٤ | ٦- |
| قۆناغی ئامادەیی | خوێندکار/مامۆستا | ١٧ | ١٦ | ١- |
| | خوێندکار/پۆل | ٣٠ | ٢٥ | ٥- |
| | خوێندکار/خوێندنگا | ٥٢٧ | ٤٢٨ | ٩٩- |

سەرچاوە:کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی (١) و (٢) و (٣) و (٤).


-بۆ پێوەرەکان بڕوانە (زين العابدين على صفر،،تخطيط المدن اسس و مفاهيم و تطبيقات،،ط١،دار الوضاح للنشر، عمان،٢٠١٥، ص٣١٤-٣١٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

شێوەی (١)

هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بەگوێرەی پێوەرە پلانسازییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)




سەرچاوە:کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی (٥)

## دوەم: پێوەرە ژمارەییەکان (برییەکان):

دابەشکردنی دامەزراوە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکە بۆ دانیشتوان بە ئاست و توانای بەرز و کەمترین هەوڵدان بۆ گەیشتن پێی، لە ڕاستییدا پەیوەندی نێوان خزمەتگوزاری فێرکاری و ژمارەی دانیشتوان پەیوەندییەکی هاوتەریبە تاوەکو ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت پێویستی دابینکردنی قوتابخانەی زیاتر دێتە ئاراوە، هەربۆیە ئاشکراکردنی ژمارەی دانیشتوانی هەر گردبونەوەیەکی دانیشتوان توانای دابەشبونی گونجاوی دامەزراوە فێرکارییەکان ڕون دەکاتەوە.

### ١- قۆناغی باخچەی ساوایان:

ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییە بەراورد بکرێ بە ژمارەی دانیشتوان، پێوەرە پلانسازییەکانی عێراق بۆ هەر (٥٠٠٠) کەس یەک باخچەی منداڵانی دیاریکردوە (الحیانی،ص٨٢، ٢٠٠٥)، کەواتە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکولینەوە کە (٧٤٨٤٧)کەسە لە ساڵی (٢٠٢٠) (ئاماری پارێزگای سلێمانی ل١٠، ٢٠٢٠) دا، بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان لە ژمارەی باخچەکان (١٠) باخچەی ساوایان پێویستە، لەبەرئەوەی تەنها (٥) باخچەی منداڵان لە گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەودا هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

## ٢- قۆناغی بنەڕەتی:

### أ- بازنەی یەکەم:

لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان پێوەرەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی یەک قوتابخانەی دیاریکردوە بۆ (٢٥٠٠) کەس(رواندزی، ص٢١،٢٠٠٦)، ژمارەی پێویستی قوتابخانە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە (٧٤٨٤٧)کەسە بۆ ساڵی(٢٠٢٠)، دەکاتە نزیکەی (٣٠) قوتابخانە کە پێویستە بۆ قۆناغی بنەڕەتی پۆلی (١-٦)، لێرەدا کورتهێنانی بەرچاو لە خزمەتگوزارییەکە هەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی تەنها (٢٠) قوتابخانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بونی هەیە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) .

### ب- بازنەی دوەم:

ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییە بەراورد بکرێت بەژمارەی دانیشتوان، وەزارەتی پلاندانانی عێراق(١ قوتابخانە /٥٠٠٠ کەس) دیاریکردوە( رواندزی، ص٢١، ٢٠٠٦)، پێویستی خزمەتگوزارییەکە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە (٧٤٨٤٧)کەسە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) دەکاتە نزیکەی (١٥) قوتابخانە لە کاتێکدا (١٧) قوتابخانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی (٧-٩) بونی هەیە.

## ٣-قۆناغی ئامادەیی:

سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزارییەکە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان، وەزارەتی پلاندانانی عێراق یەک قوتابخانەی ئامادەیی دیاریکردوە بۆ(١٠٠٠٠) کەس(صفر،،ص٣١٨، ٢٠١٥)، هەربۆیە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی شاری چەمەچەماڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، کە (٧٤٨٤٧) کەسە، (٧) خوێندنگە پێویستە، بەڵام (١٢) خوێندنگەی ئامادەیی هەیە لە ساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١). ئەمەش نیشانەی بایەخ دانە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بە ئاستێکی بەرز و توانای پێویستەوە، بەڵام ئەمە مانایی پێشکەوتنی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەم و کوڕیەکی بەرچاو لەم خزمەتگوزارییەدا بەدی دەکرێت ئەویش کەمی بینایە بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن کە هەربینایەک زیاتر لە یەک خوێندنگەی لە خۆگرتوە کە ئەمە خۆی لە خۆی دا پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان، چونکە دەوامکردن لە دەمی ئیوارەندا کاردەکاتە سەر توانای وەرگرتنی خوێندکاران و توانایی وەرگرتنیان کەمترە بەبەراورد بە کاتی بەیانیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

## پێنجەم: ئایندەی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ:

دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکانی وڵاتانی تازە گەشەسەندو بەگشتی و دابەشبونیان لەسەر بنەمای پێوەر و مەرجی ڕون نیە، هەربۆیە تەوەرێکی توێژینەوە جوگرافییەکان بایەخ دانە بە خستنەڕوی ئایندەی ئەو خزمەتگوزارییانەی شار پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکات بەئامانجی چارەسەرکردنی کورتهێنان و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێداویستی و خواستەکانی دانیشتوان لە ئەنجامی زۆربونی قەبارەیان، لەم تەورەدا باس لە پێویستییەکانی شاری چەمچەماڵ دەکەین لە دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ ساڵی ٢٠٢٦ (ساڵی ئامانج)، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا دەبێت قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دیاری بکەین لە ساڵی ئامانج، کۆتا پێشبینییەکان بۆ ژمارەی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانییەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بە (٧٤٨٤٧) کەس دیاریکراوە و ڕێژەی گەشەی ساڵانە (٣٪)، لەسەر ئەو بنەمایە دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٢٦) دەگاتە (89371) کەس[iii]، لەگەڵ بەردەوامی گەشەکردن خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکان لە نێویاندا خزمەتگوزاری فێرکاری زیاتر دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوە ئەم بەرچاوڕونیەی لای خوارەوە دەخاتە بەردەست بە ئامانجی هاوکاریکردنی لایەنی بەرپرس لە بڕیاردانی دروست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری.

### ١- قۆناغی باخچەی منداڵان:

بە سەرنج دان لە خشتەی (٦) و هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ناوچەی توێژینەوە پشت بەستن بە پێوەرە پلانسازییەکان پێویستی بە (١٥) دامەزراوەی باخچەی منداڵان هەیە لە ساڵی بنەڕەت (ساڵی ٢٠٢٠)، لە کاتێکدا لەو ساڵەی خوێندندا تەنها (٥) باخچەی منداڵان هەیە، لەسەر بنەمایی ژمارەی دانیشتوانی پێشبینی کراو لە ساڵی (٢٠٢٦) شاری چەمچەماڵ پێویستی بە (١٨) باخچەی منداڵان هەیە، هەربۆیە لە پێناو چارەسەرکردنی کورتهێنانی ساڵی بنەڕەت و دابینکردنی پێداویستییەکانی ساڵی ئامانج پێویستە (١٣) باخچەی منداڵان دامەزرێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی تایبەت بەم قۆناغە.

### ٢- قۆناغی بنەڕەتی / بازنەی یەکەم(١-٦):

وەک لە خشتەی (٦) دەردەکەوێ ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی بنەڕەت کورتهێنانی هەیە لە ژمارەی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە بە (١٠) قوتابخانە، هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٦) پێویستی بە (٣٦) قوتابخانە هەیە، بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانەکانی ساڵی بنەڕەت و دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان لە دامەزراوە فێرکارییەکانی ئەم قۆناغە لە ساڵی (٢٠٢٦) دەبێت (١٦) قوتابخانەی تر دامەزرێت تاوەکو بتوانرێ ئەم خزمەتگوزاریە بە ئاستێکی زانستی بەرز پێشکەش قوتابیانی ئەم قۆناغە بکرێ.

### ٣- قۆناغی بنەڕەتی / بازنەی دووەم(٧-٩):



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

ژمارەی دامەزراوەكانی ئەم قۆناغە لە خزمەتگوزاری فێركاری گونجاوە لەگەڵ پێوەرە پلانسازییەكانی لە شاری چەمچەماڵ لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) وەک لە خشتەی (٦) ڕون دەبێتەوە لەو ساڵەدا (١٧) قوتابخانەی ئەم قۆناغە هەیە، لە كاتێكدا پێویستی دانیشتوان بەگوێرەی پێوەرەكان تەنها (١٥) قوتابخانەیە، بە زۆربونی ژمارەی دانیشتوان هەروەک توێژینەوە پێشبینی بۆ كردوە لە ساڵی (٢٠٢٦) سنورەكە پێویستی بە (١٨) قوتابخانە هەیە، بۆیە پێویستە یەک قوتابخانەی تر بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی دانیشتوان دابمەزرێ.

## ٤- قۆناغی ئامادەیی:

قۆناغی ئامادەیی قۆناغێكی گرنگی خزمەتگوزاری فێركارییە تێیدا خوێندكار ئامادە دەكرێت تاوەكو بتوانێت لە دوای تەواوكردنی ئەم قۆناغە لە یەكێک لە پسپۆرییە جوراوجۆرەكان درێژە بە خوێندن بدات، بەسەرنج دان لە خشتەی (٦) ژمارەی خوێندنگەكانی ئەم قۆناغە لە شاری چەمچەماڵ لە ساڵی بنەڕەت (١٢) خوێندنگەیە، هەرچەندە پێویستییەكان بۆ ئەو ساڵە بەگوێرەی پێوەرە پلانسازییەكان (٧) خوێندنگەیە، بۆیە سەرەڕای ئەوەی (٣) لەو خوێندنگایانە تایبەتە بە تەمەن گەورەكان و خوێندنی شەوانە، بەڵام هێشتا ژمارەی ئەو خوێندنگانەی دەوامی بەیانیان دەكەن پێویستییەكانی ساڵی (٢٠٢٦) دابین دەكات كە (٩) خوێندنگەیە.

خشتەی (٦)

ئایندەی دامەزراوەكانی خزمەتگوزاری فێركاری لە شاری چەمچەماڵ لە ساڵی ٢٠٢٦

| دامەزراوەكانی خزمەتگوزاری فێركاری | داتاكانی ساڵی ٢٠٢٠ | | | پێداویستییەكان لە ساڵی ٢٠٢٦ |
|---|---|---|---|---|
| | پێداویستی بە پێی پێوەر لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) | ژمارەی قوتابخانەكان ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ | كورتهێنان لە ساڵی بنەڕەت | |
| باخچەی منداڵان | ١٥ | ٥ | ١٠- | ١٨ |
| ق.بنەڕەتی (بازنەی یەكەم) | ٣٠ | ٢٠ | ١٠- | ٣٦ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ق.بنەڕەتی (بازنەی دوەم) | ١٥ | ١٧ | ٢+ | ١٨ |
| ئامادەیی | ٧ | ١٢ | ٥+ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٦٧ | ٥٤ | – | ٨١ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی (١) و (٢) و (٣) و (٤).

–بۆ پێوەرەکان بڕوانە (زين العابدين على صفر، تخطيط المدن- اسس و مفاهيم-، طبعة الاولى، دار الوضاح للنشر، عمان، ٢٠١٥، ص٣١٤-٣١٨).

## ئەنجام:

١- چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ چەمکی خزمەتگوزاری فێرکاری هەیە، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکی هەمو پێناسەکان هەمان مانای هەیە کە خزمەتگوزاری فێرکاری هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو بە شارستانی بون.

٢- ژمارەی باخچەکانی منالان لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) گەیشتە (٥) باخچە کە بەسەر (٤) گەڕەکدا دابەشبون و (٧٧٥) قوتابی لەخۆدەگرن دابەشبون بەسەر (٢٤) پۆل و (٤٨) مامۆستا ئەرکی پەروەردەکردنیان لە ئەستۆیە، سەبارەت بە قۆناغی بنەڕەتی بۆ بازنەی یەکەم پۆلی (١-٦) ژمارەی قوتابخانەکانی گەیشتە (٢٠) قوتابخانە لە (٩) گەڕەکی شار و (١١١٣٧) قوتابی لەخۆدەگرێت (٣٤١) مامۆستا ئەرکی فێرکردنیان لە ئەستۆدایە لە (٧٠٦) پۆلدا، بۆ ئاستی دوەم لە پۆلی (٧-٩) ژمارەی قوتابخانەکانی (١٧) قوتابخانەیە لە (٦) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە و (٦٠١٧) قوتابی لەخۆگرتوە لە (٢٠٩) پۆلدا و (٣٨٢) مامۆستا کاری گەیاندنی خزمەتگوزاری فێرکاریان لە ئەستۆدایە، ژمارەی خوێندنگە ئامادەییەکان گەیشتە (١٢) خوێندنگە لە (٥) گەڕەک و (٤٨٦٢) خوێندکار لەخۆدەگرێت لە (١٩١) پۆلدا (٣٠٨) مامۆستا پرۆسەی فێرکردنیان ئەنجام دەدەن.

٣- دامەزراوەکانی سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش بونەتە سەر گەڕەکەکانی شاری چەمچەماڵ بەجورێک گەرەکی ئاشتی چەندین دامەزراوەی ئەم خزمەتگوزارییەی لەخۆگرتوە وەک(٥) قوتابخانەی ئامادەیی و باخچەیەک، لە بەرامبەردا بێبەش بونی بەشێک لە گەڕەکەکانی شار لە دامەزراوەکانی خزمەتگوزارییەکە.

٤- نەبونی بینای تایبەت بۆ چەند باخچەیەکی شارەکە بەجورێک لە خانوی ماڵاندان ئەمەش کار دەکاتە سەر لایەنی دەرونی منداڵ و تێر نەبونی ئارەزوەکانیان.

٥- کەمی بینای تایبەت بە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی (٧-٩)، کە لە کۆی (١٧) قوتابخانە تەنها دو قوتابخانە خاوەن بینای خۆیانن و قۆناغی ئامادەیی کە تەنها (٦) بینایان هەیە و (٣) خوێندنگا بینای نیە، هەربۆیە یەک بینا زیاتر لە یەک قوتابخانەی لەخۆگرتوە ئەمەش کێشەی دو دەوامی و سێ دەوامی دروست کردوە لە ئەنجامدا کاتی پێویست بەردەست نیە بۆ ئەوەی پرۆگرامەکانی پەروردە و فێرکردن ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

٦- کۆبونەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکاران لە چەند قوتابخانەیەک و باخچەیەکی دیاری شارەکە بە هۆی نارێکی لە دابەشبونی مامۆستای پسپۆڕ.

٧- ئاماژە مرۆییەکانی پێوەرە پلانسازییەکان کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی قۆناغی باخچە لە یەک پۆل پیشان دەدەن، کە کار دەکاتە سەر لایەنی دەرونی و توانای وەرگرتنی منداڵ وڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەی گونجاو.

٨- توێژینەوەکە نیشانی دەدات لەسەر بنەمای پێوەرە بڕییەکان شاری چەمەچەماڵ پێویستی بە (١٠) باخچەی منالاَن و (١٠) قوتابخانە هەیە بۆ قۆناغی بنەڕەتی بازنەی یەکەم (١-٦).

## ڕاسپاردەکان:

پشت بەستن بە ئەنجامەکانی، توێژینەوە ئەم ڕاسپاردانە پێشنیار دەکات:

١- دوبارە دابەشکردنی قوتابخانەکان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا لەسەر بنەمای پلاندانانی دروست لە ئێستادا بۆ قۆناغی بنەڕەتی پۆلی (١-٦) گەڕەکی (ئازادی، ئاشتی، ڕۆژهەلاَت، ڕاپەڕین) زیاتر لە قوتابخانەیەکیان تێدایە لە کاتێکدا هیچ قوتابخانەیەکی ئەم قۆناغە لە گەڕەکەکانی(بنار، بێکەس، نیشتمان، کوردستان، خاک) نیە، هەروەها بۆ پۆلی (٧-١٠) گەڕەکەکانی (ئازادی، بێکەس، ڕۆژهەلاَت)، بەلاَم گەڕەکەکانی (ئاشتی، نیشتمان، شەهیدان، سەرشەقام، ئاسودە، بانی مەقان) هیچ قوتابخانەیەکی ئەم قۆناغەی تێدا نییە، بەهەمان شێوە خوێندنگا ئامادەییەکان دابەش بون بەسەر گەڕەکەکانی (ئازادی، ئاشتی، کوردستان، خاک، ڕۆژهەلاَت، مامۆستایان) ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

هەڕەمەکەییەی لە دابەشبونی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری هەیە پێویستی ڕەچاوکردنی پێوەرە پلانسازییەکان دەکات لە دابەشکردنی بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەمو بەشەکانی شارەکە بۆئەوەی خواست و پێویستی دانیشتوانی شارەکە جێبەجێ بکات لە گەیشتن پێیان بە شێویەکی گونجاو.

٢- دروستکردنی بینای نوێ بۆ باخچەکان بە ڕوبەری گونجاو و دابینکردنی هەمو ئامرازەکانی حەوانەوە و ژینگەی فێرکاری و پەروەردیی گونجاو و چاککردنی ئەو بینایانەی لە ئێستادا هەیە.

٣- شاری چەمچەماڵ پێویستی بە دروستکردنی (١٨)بینا بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پۆلی (٧-٩) و (٣) بینا بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان بەمەرجی پێوەری فێرکاری و پەروەردەیی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو بینایانەی زیاتر لە یەک دەوامیان لەخۆگرتوە.

٤- دابەشکردنی مامۆستای پسپۆر بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەمو قوتابخانە و باخچەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە دابەشبونی خوێندکاران بەسەر قوتابخانەکان بەدیدەکرێت.

٥- زیادکردنی ژمارەی باخچەکانی منداڵان بۆ (١٥)باخچە و قوتابخانە بنەڕەتییەکان بازنەی یەکەم (پۆلی١-٦) بۆ (٣٠) قوتابخانە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان بە ڕەچاوکردنی پێوەرە پلانسازییەکانی ئەم بوارە.

٦- گرنگی دانی زیاتری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ بە داتای پێویست و گرنگ لەسەر باخچەکان و قوتابخانە و خوێندنگاکان بە هەمو جۆرەکانیەوە.

٧- گرینگی دانی زیاتر بە باخچەکان و قوتابخانەکان بە هەمو قۆناغە جیاوازەکانیەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ساڵانە بە لێکۆڵینەوە لە هەمو شارەکان بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی، تاوەکو بزانرێت چی پێویستە بۆ قوتابخانەکان بە مەبەستی گەشەسەندنی لایەنی پەروەردە و بەرەوپێشبردنی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

# Efficiency of educational services in the city of Chamchamal (A study in the geography of services)

**Chirakhan Nasruddin Saleh[1] - Kamran Mohammed Tawfiq[2] - Aram Hassan Mohammed[3]**

[1]Department of Oil and Gas, College of Management, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

[2+3]Department of Social Sciences، College of Basic Education، Garmian University، Kalar، Kurdistan Region، Iraq.

**Abstract:**

Education is one of the most important sectors of any state, or a region the vital role it has in enhancing the cultural level of a society and developing their scientific state by committing to the educational standards and the effective distribution of educational services in populated areas.

The city of Chamachamal، similar to other cities of the world in general and other cities of Kurdistan in particular، is not deprived from educational services، which is, however, not up to the growing number of the resident. Generally، the educational services include these stages: Kindergarten, basic education (primary and intermediate 1-9), and secondary education (10-12). This study aims to identify the educational services in the city of Chamchaml and delimit their shortcomings using the Geographic Information System (GIS) to display the way each of the educational services in the city's neighborhoods.

The current study has been based on data and information presented by the directorate of education of Chamchamal. To enrich the study via gaining first hand details, field visits were paid to the kindergartens and schools of Chamchamal for the academic year (2020-2021).

**Keywords**: Service, Education, Chamchamal.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15**

## سەرچاوەکان


امین، هاوڕێ یاسین محمد، دیاردەی بە بیابانبون لە ناوچەی نیمچە شاخاوییەکان (قەزای چەمچەماڵ بەنمونە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سێمانی.

غەفور، عەبدوڵا (٢٠٠٨) جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

ئاماری پارێزگای سلیمانی، ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و گوندنشین و شارنشین، ساڵی ٢٠٢٠.

صفر، زين العابدين على (٢٠١٥) تخطيط المدن اسس و مفاهيم و تطبيقات، ط١، دار الوضاح للنشر، عمان.

الهيتى، مازن عبدالرحمن (٢٠١٣) الجغرافية الخدمات، مكتبة المجتمع العربى للنشروالتوزيع ، الطبعة الاولى ، عمان-أردن.

محمد، عمر محمد علي (٢٠١٦) جغرافية المدن، طبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

الخفاف، عبد علي و عبدالمخور الريحاني (١٩٨٦) جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة.

الجبوري، زينب يعقوب يوسف كريم (٢٠٠٧) التحليل المكانى للخدمات التعليمية فى ريف قضاء الديوانية وامكانات تنميتها، رساله ماجستير ،جامعه القادسية، كلية اداب.

-الجميلي، رياض كاظم سلمان (٢٠٠٧) كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و الترفيهية) فى مدينة كربلاء (دراسة فى جغرافية المدن)، اطروحة دكتوراه، غيرمنشورة، جامعة بغداد.

-الحياني، بلال بردان علي (٢٠٠٥) استعمالات الارض الحضرية فى مدينة هيت،رسالة ماجستير،جامعة بغداد.

-رواندزي،عمر حسن حسين (٢٠٠٦) التحليل المكانى والوظيفى للخدمات تعليمية فى مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين – اربيل.

-شقير،هبة محمد حمودة (٢٠٠٩) توزيع و التخطيط التعليمية فى محافظة سلفيت باستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير،جامعة النجاح الوطنية، كلية دراسات العليا نابلس-فلسطين.

-عزيز، فاروق واحد محمد (٢٠١١) التحليل الجغرافى لمراحل التوسع الحضري لمدينة چم چمال، رسالة ماجستير، غير منشورة،جامعة الموصل.

يوسف، طاهر جمعة طاهر (٢٠٠٧) التحليل المكاني للخدمات التعليمية فى مدينة نابلس باستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير، جامعة نجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا نابلس- فلسطين.

يوسف، نجيل كمال و نغم فيصل (٢٠٠٧) كفاءة توزيع الخدمات التعليمية فى مدينة الاعظمية، مجلة المخطط و التنمية، جامعة بغداد، العدد (السادس عشر)-سنة الحادية عشر.

کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە بەڕێوەبەری باخچەکانی منداڵان لە شاری چەمچەماڵ ٢٠٢١/٥/٢.

کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕیوەبەرەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی یەکەم لە شاری چەمچەماڵ،٢٠٢١/٥/٩.

کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕیوەبەرەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی دوەم لە شاری چەمچەماڵ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٦.

کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە بەڕێوەبەر و جێگری بەریوەبەرەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان لە شاری چەمچەماڵ، بەرواری ٢٠٢١/٥/٢٣.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15

## پەراوێزەکان:

[i]خوێندنی بنەڕەتی قۆناغی (١-٩) لەخۆدەگرێت کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٦) بڕیاڕی گۆڕینی قۆناغەکانی خوێندنی دەرکرد، بەجۆرێک لە پێش دەرچونی ئەو بڕیارە خوێندنی بنەڕەتی تەنها قۆناغی (١-٦)ی دەگرتەوە، پاش دەرچونی ئەو بڕیارە پێویستبو قۆناغی (١-٩) لەیەک بازنەی خوێندندابن، بەڵام بەهۆی جیاوازی تەمەن و شێوازی بیرکرنەوە و کەمی هۆڵەکانی خوێندن تاوەکو ئێستا هەردو قۆناغ لە دو بازنەی جیاوازی خوێندندان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

ii مەبەست لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی هەریەک لە خزمەتگوزاری (پەروەردە و تەندروستی و حەوانەوە دەگرێتەوە )

iii* پشت بەستن بە هاوکێشەی خوارەوە

ت١= ت ٠+ (ن – ١) د

ت١= ژمارەی دانیشتوانی پێشبینی کراو لە ساڵی ئامانج

ت ٠= ژمارەی دانیشتوان لە سڵی بنەڕەت

ن = ژمارەی ساڵەکانی نێوانیان (بە ساڵی بنەڕەتیشەوە)

د = ڕێژەی گەشەی ساڵانە بروانە (عبد علی الخفاف و عبدالمخور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، ١٩٨٦، ص١٤٩)



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper15**